## پێویستە مافەکانمان بۆ دەربازبوون کۆچکردنێکی بێ ترس بێت، نەک بەلەمی کون

**لە لایەن ویلیام لەیسی سوینگ**

"من کۆچبەرم ، بەڵام ناچار نیم ژیانم بخەمە مەترسیەوە بە بەلەمی کون یان پارە بدەم بە قاچاخچیەکان. کۆچکردنی بێ ترس ناکرێت تەنها بۆ دەستبژێریکی جیهانی بێت." بەم جۆرە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاخاوتنی دا لە ئەیلولی ٢٠١٧.

بە دەربڕینێکی لە یادنەکراو، ئەوەی دا بەدەستەوە کە لەوانەیە ئەمە یەکێکە لە کێشمەکێشە باڵادەستانەی کە ئەمڕۆ دوچاری جیهان دەبێتەوە. لە کاتێکدا کە ئێمە لە زەمەنێکدا دەژین کە دەستبژێرێکی جیاواز گەڕان بە جیهاندا بە تەواوی بەمافێکی لە دایکبوونیان دادەنێن ، ئەمە قەدەغە کراوە بۆ ژمارەیەکی بێهەژمار لە کەسانی تر کە ئابلوقەکراون لە بارێکی ئابووری خراپی بێ هیوا یان باردۆخێکی پڕ کێشمەکێش.

بەڵام شتێکی تریش گۆڕاوە کە وای کردووە ئەم ڕەوشە بەڵگەنەویستە بێنێتە ناو کەرستەی پێداکێشانەکانی سیاسەتی جیهانی لەزۆر کاتیشدا لەگەڵ جۆرەها دەرئەنجامی دڵتەزێن.

زۆر لەمێژ نیە جۆرێک لە ڕێسای هەڵسوکەوتی ناوخۆیی/دەرەکی ئەوەی گەیاندووە کە دەستبژێر چیان هەیە گرینگیان نی یە بۆ هەژارانی جیهانی، ئەوان تەنها بە شێوەیەکی کپ ئاگاداری هەلەکان بوون بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باشتر لە پشت سنوورە دیاریکراوەکانی وڵاتەکانیان. ئەوە لەو کاتەدا.

ئەمڕۆ، ئاستی بەرزی جیهان، تەلەفۆنی زیرەک – کە ئێستا لە دەستی زیاتر ٢ بلیۆن کەسە لە هەموو دنیادا- بە شێوەیەکی بەردەوام ئەم هەموو شتانە دەگۆڕێت. کەمتر لە دە ساڵدا، تەلەفۆنی زیرەك چەندەها زانیاری زۆر تایبەتی دەربارەی "دەستبژێر" فەراهەم کرددووە بۆ بێگانەکان بە شێوەکی بەردەوام تاکو ئێستاش.

ئەوەی کە ڕوودەدات دوو پێکەوە ژیانە، ئەگەر ڕەوشە جیاوازە زەقەکان پێکدادەدەن لە سەر هەمان هەسارە ، گۆڕینی سیاسەتە ماندووی خەواڵووەکانی زۆربەی وولاتان پێشبینی نەکراو بێت – وەهەروەها، بەڕاستی، بەرەو خراپی دەڕوا.

لەلایەکی تریشەوە، ئازادی هاتوچۆ و جوولانەوە بە تەواوی گەرەنتی کراوە بۆ ژمارەیەکی زۆری بەختدار و چاوەنەکراوی هاوڵاتیانی جیهان، بۆ ئەوانەی کەجولانەوەیان بە بێ ترس، ئازادانە وە هەروەها بەجۆرێک گرانبەهەیانەش بە دەری جیهاندا بوەتە شتێکی سروشتی . ئەمەش وەک گەشتیاران ، قوتابیان ، سەردانکەرانی ئەندامانی خێزان، کۆچبەرانی کرێکاران لە بەشی باشوری گەردوونەوە ( زیاتر لە ٢ ملیۆن فلپینی و ١ ملیۆن سریلانکی ....هتد) وە هەروەها خاوەنکارەکان ئەوانەی بە بەردەوامی جیهانی گەردوونمان بە چالاك دەكەن.

ئەوەی بە ئاسانی لە بیرمان کردووە لەم تاوتوێکردنە دەربارەی کۆچکردن ئەوەیە کە ملیۆنەها گەشت دەکەن کە لە هەموو کاتێک ژمارەیان زیاترە. ئەوانە دەجوڵێنەوە بە بێ ترس و بە شێوەیەکی ڕێکخراو لەخاڵی پشکنین دەرباز دەبن و تێدەپەڕن بۆ دەروازەکان، فەیسبووك و کورتە نامەی خێرا دەکەن بە دەم ڕێگایانەوە. لە سەرووی هەموو ئەوانەوەشەوە، لە ڕێگای ئاسایدا ڕێ دەکەن لە گەڵ پاسپۆرت ( و ڤیزا) لە دەستیان .

کەواتە بۆ، لەوانەیە یەکێک پرسیار بکات، ئایا کۆچ کردن بۆتە کێشەیەکی ژەهراوی، سەرتۆپی سەردێری هەواڵەکان وە هەروەها فەراهەمەکردنی سوتەمەنی بۆ بەدەستهێنانی جەماوەری سیاسی؟

IOM

وكالة الأمم المتحدة للهجرة

لە وانەیە بەشێك لە وەڵام بەشێوەیەکی باش بکەوێتە سەر ئامەژەکردنمان بە کۆسپەکانی پێکەوەهەڵکردن وەهەروەها پەلەکردن لە بڕیاردان لە سەر دژایەتی جەماوەری بەرامبەر کۆچکردن وەک نالۆژیکانە یان خراپتر. سیاسەتمەداران ڕەچاوی ئەو بەهایانە ناکەن کە خەڵکی پشتگیری دەکەن لە کاتی مەترسی کردنیان.

بەشێوەیەکی یەکسان، ئەگەر بە بێ پچڕان، ئەم گواستنەوە سەرتاسەریەی جیهانی خەڵکی بەشێوەیەکی زۆر ڕێک و پێک و ئاسایی و سوودمەندانە ببینرێت بۆ هەمووان  کە هەمووان تانەی لێنەگرن، ئەوکات ئێمە پێویست دەبێت ئەو ڕێگایانە بدۆزینەوە کە چۆن خۆمان ڕابهێنین لە گەڵ زۆرینەی جولانەوە ڕەتکراوەکان بە هۆی بارودۆخەکانەوە.

سەدان ملیۆن لەوانەی کە بەشێك نین لە گەشەسەندووی ڕاستی بازاڕی جیهانی کرێکارانی بە توانا خۆیان لە دەرەوە ئەم ناوەندە دەبینن و خەون بەو جیهانەوە دەبینن کە خەوی پێوەدەبینن . ئەوان بەرەنگاری جیاوازیەکی بێ شومار دەبنەوە لە داهات و هەروەها دژواری و دەرفەت نەدان بۆ بەدەستهێنانی ڤیزە یان ڕێپدان بۆ کارکردن.

ئەوکات نابێتە جێی سەرسوڕمان کە سوپایەکی بێ شوماری کۆچبەری گەنجی بە هیوا دەیانەوێ سواری "بەلەمە کونەکان" بن  کە ئاماژەی پێکرا لە لایەن سکرتێری گشتیەوە. بەهۆی نەبوونی هەلی ئابووری، کە زۆربەی کات بەهۆی گۆڕانی کەش و هەواوە پەرەدەسێنێت، هەروەها نەپارێزراون لە دەنگی ئاگادارکردنەوە لە تۆڕە کۆمەڵاییەتەکان.

ئەمەیە لێرەدا تۆڕەکانی ڕفاندن، بازرگانی بە مرۆڤ ( قاچاغ چی یەکان) و  بەندایەتی کردنی بە مرۆڤ هاوچەرخ کاری بازرگانی خۆیان دەکەن بە پارزبەندی تەواوەوە. ئەم جۆرە تەڵەکەبازیە دڕندانە بەردەوام دەرباز دەبن بەبێ پشکنین، هەروەك تۆڕەکۆمەڵاییتیەکان بەدوای بازارە نوێ یەکان دا دەکەون لە جیهانی باشوردا.

ئەم جۆرە لە کۆچکردنەیە کە ئێمە دەیبینین لە هەواڵەکان و هەروەها کە لە خراپترین کاتدا بووە هۆی ڕاستیەکی ترسناك  یەکەم جار لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ئاشکرا کرا – کە کۆچبەرە ئەفریقیەکان فرۆشران وەک بەندە و خزمەتکار. هەروەك چۆن گەشەی دانیشتوان و ئابووری دارماو وای پاڵ بە کۆچبەرانەوە دەنێن بۆ کۆچ کردن و نیشتیمانیان بەجێبهێڵن، دەرئەنجامی  کۆتایی ئەوە جەنجاڵی و زۆری دانیشتوان لە لایەن وەرگەرانی کۆچبەرانەوە دەبێت کە لە وێدا کۆمەڵگەکانیش گیردەخۆن بە دەست کێشەی بێ کاری و ناسنامە.

لە بەر ئەوە من هیوایەکی زۆرم هەیە بۆ ڕێکەوتنی جیهانی لە سەر کۆچ کردن، پێشبینی کراو بە واژۆ کردنی لە کۆتایی ٢٠١٨ دا . تاوتوێ دەکرێ لە گەڵ وولاتانی ئەندام لە ژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان و بە ئامانجی جەخت کردنەوە لە سەر کۆچ کردنی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی بەرفراوان. یەکەم ڕێکەوتنی حکومی پلاندار دەبێت لەم جۆرە، لەوانەیە چاوەرنەکراو بێت بچێتە ناو شکۆی وولاتانەوە وە هەروەها پابەندیش نابێت بە شێوەیەکی یاسایی، لەوانەیە هەروەکو سروشتێکی تەقینەوە بێت بۆ بابەتی کێشەکە.

ڕێکەوتنێکی باش هەیە بۆ پانتایەکی زۆری هاوبەش و ئەویش ڕادەوەستێتە سەر ئەوەی کە کۆچ کردن ئەو گیروگرفتە گەورەیە نییە تەنها چارەبکرێت وەك ڕاستیەکی مرۆڤانە. ئەگەر ئێمە ڕاوەستین لە بیر کردنەوە دەربارەی ئەو یاساو ڕێسایانەی کە ٨ ملیۆن گەشتی فرۆکەوانی ساڵانە دەگرێتەوە کە ڕێژەی ٤٤ ٪ دانیشتووان دەگرێتەوە بۆ فڕین و دابەزین بەبێ گرفت، بۆ ئەمە ئەگەری ئەوە دەبێت چەند یاسایەکی هاوبەش بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ڕێگە بدات زۆر زیاتر گەشت، کۆچ و گەڕانەوە بۆ وولات بکرێت بە شێوەیەکی ئازادانە و بەبێ گرفت. ئێمە پێویستیمان بە پێدانی هیوا بۆ ئەوانەی دوچاری قەیرانی ئابوری دەبنەوە، بۆ فەراهەمکردنی ڕێگای یاسایی بۆ کۆچبەری زیاتر یان هەڵبژاردەی کۆچکردنی بازنەیی بۆ ئەوانەی دەیانەوێت کار بکەن و بگەڕێنەوە بۆ وولاتەکانیان...... لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە چارەسەرەکان بەدەست نەهێنین ئەوا قاچاغ چیەکان ئەم کارە بۆ ئێمە دەکەن، بە نرخێکی زۆر لەسەر ژیانی مرۆڤەکان و ڕایەڵەی کۆمەڵگاکانمان.

ویلیام سوینگ بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، ئاژانسی کۆچبەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان